# کار وا بروات دەبێت مالکی دەست لەکار بکێشێتەوە

گۆران فەتحی

ئەوەی تێبینی بارودۆخی ئەمنی عێراق دەکات، دەبینێت ڕۆژ لەدوای بەرەو خراپتر دەچێت، هەموو بەناو ئەو هەولانەش کە دەدرێت لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە نەیتوانیوە بەر بەولێشاوی ئیرهاب‌و تەقینەوانە بگریت کە بەشێوەیەکی بەفراوان بەرپابووە.

ئەگەر ئاوڕێکیش لەهەرسێ حکومەتی یەك لەدوا یەکی عەلاوی‌و جەعفەری‌و مالکی بدەینەوە..دەبینین سەردەمی عەلاوی لەرووی ئەمنییەوە لەحکومەتەی جەعفەری‌و مالکی باشتر بوو، لەگەڵ ئەوەی مالکی لەرووی سیاسیەوە جیاوازتر بوو لەجەعفەری‌و موتەزینتر بوو بەتایبەت بەرامبەر بەکورد.

من ئەمەویٰ بڵێم کێشەی حکومەتی عێراق تەنها ئیرهاب نییە، بەڵکو چەندین کێشەی تری لەرێگەیە، کە گەورەترینیان ئەو شەڕە تائیفیەیە کە بەرپابووە لەنێوان شیعەو سوننە، حکومەتیش بەتایبەت شیعەکان دەستیان تیایدا هەیە، ئەو شەڕە تائیفییە کە لەشارەکانی باشورو ناوەڕاستی عێراقدا بەرچاو دەکەوێت‌و جار جاریش کوردی بەردەکەوێت بەتایبەت کوردە شەبەکەکانی شیعە مەزهەب‌و کوردە یەزیدییەکانی موسڵ‌و دەوروبەری.

بێگومان ئێمە ناڵێین حکومەتی مالکی‌و پێشتریش جەعفەری وەکو خودی خۆیان پاڵپشت لەو شەڕە دەکەن، کە بەشێکی زۆری بەهۆی میلیشیا شیعەکان دەستی پێکردووە، سوننەش لەلای خۆیەوە ولامی داونەتەوە..لەهەمووشی سەیرتر شیعەو سوننە لەباشوورو بەغدا بەخوێنی سەری یەك تینین، بەڵام کە دێتە سەر کورد هەردووکیان یەك دەگرن‌و هەر کوردێکیان دەست بکەوێت چارەنووسی کوشتنەو بەلادەر لەدین‌و بەپیاوی ئەمریکا لەقەڵەمی دەدەن.

بۆیە ئەو ووتەو لێدوانانەی دەدرێت لەلایەن بەرپرسە عێراقیەکان بەوەی شەڕی تائیفی نییە لەعێراقدا، ئەوە تەنها بۆ خۆڵ لە چاو کردن‌و دڵدانەوەی هاولاتیانەو هیچی تر، ئەگینا ئەمەی لەعێراقدا دەکرێت شتێکی ئەوتۆی جیاواز نیە لەگەڵ ئەو شەڕە تائیفیەی لەلوبناندا هەبوو، ئەی کوشتن‌و دوزینەوەی سەدان تەرم ڕۆژانەو بەسەربڕوای‌و بەشێوێندراوی مانای چییە.

پاڵەوانانی شەڕی تائیفی لەعێراقدا ئیستا لەشیعە توندڕەوەکانی ڕەوتی سەدری‌و چەند میلیشیایەکی تری شیعەن، هەروەها چەندین گروپی توندڕەوی سوننەکان کە پێکهاتوون لەبەعسییە کۆنەکان‌و سەلەفی‌و ئیسلامییە عەرەبەکان، نابی ئەوەش لەبیر بکەین کە ولاتانی هاوسێی عێراق وەکو ئێران‌و سوریاو ئەردەن‌و سعودیە ڕۆڵیان هەیە لەو پەشێوەیەی کە ئێستا لەعێراقدا هەیەو لەبەرژەوەنی ئەوانە عێراق ئارامی بەخۆیەوە نەبینیٰ.

ئەمەویٰ بێمەوە سەر کرۆکی مەسەلەکە، ئەویش ئەوەیە بەرای من هیچ حکومەتێکی عیراقی دوای سەدام بەتایبەت ئەوەی شیعە ئیسلامییەکان بەرێوەی دەبن سەر ناکەویٰ، ئەگەر چەکی لایەنە توندڕەوەکانی شیعەی وەکو ڕەوتی سەدری لەسەرەتادا دانەماڵن‌و شەرعیەتیان لیٰ نەسەننەوە، ئینجا کەوتنە خۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیرهاب بەگشتی لەعیراقدا.

بێگومان ئەمە جەعفەری نەیکردو تا ئێستاش نەمان بینی مالکی هەوڵێکی لەو جۆرە بدات، دەزانم ئەوە کارێکی قورسە بۆ ئەوان بەتایبەت لەبەر ئەوەی هەم جەعفەری‌و هەم مالکی کە لەحزبی دەعوەن بەپاڵپشتی سەدرییەکان هاتوونەتە سەر حوکم، بەمەش نایانەویٰ کارێکی لەو جۆرە بکەن. کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنیان..چونکە پێشتر حکومەتەکەی عەلاوی کە کابرایەکی علمانییە زۆر بەتوندی هەم لەسوننەکانیدا لەفەلوجەو هەم لەشیعە سەدرییەکان لەخودی شاری نەجەف، بەوەش سەرکەوتنی بەدەستهیناو توانی گورزی باش هەم لەئیرهاب‌و هەم لە تائیفیگەران بدات.

بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێین تا حکومەتەکەی مالکی چاو لەکردەوە توندوتیژیەکانی ڕەوتی سەدرو باقی میلیشیا شیعەکان بپۆشیٰ بەهۆی یەك مەزهەبی..ئەوا میلیشیا شیعەکان کوشتار لەسوننە دەکەن‌و هەروەکو دەشبینین زۆری شارە گەورەکانیان پیٰ چۆڵ کردون لەنموونەی بەغدا..سوننەکانیش بەهۆی ئەو کردەوانەو لەدەستدانی ئەو دەستکەوتانەی لەسەردەمی ڕژێمی سەدامدا هەیانبوو، هەر لەسەرتاوە دژی ئەم حکومەتانە وەستاون‌و چەندین کاری تەقینەوەو کوشتنیان ئەنجامداوە، لەناو خودی گەڕەکی سەدری شیعە نشینی بەغدا.

ئەگەر ئەم حکومەتەش چارەێك بۆ ئەو شەڕە ناوخۆیە نەدۆزێتەوە، ئەوا دەبێت بیٰ ئەملاو ئەولا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت‌و دان بەشکستی خۆی بهێنێت، بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ حکومەتێکی تر بکاتەوە ئەو کارە بگرێتە ئەستۆو بیٰ لایەنانە مامەڵە هەم لەگەڵ ئیرهاب‌و هەم لەگەڵ شەڕە تائیفیەکەدا بکات..بەو شیوەیەش دەتوانیٰ ئارامی بۆ عێراق بگەڕێنیتەوەو ڕێگە لەدەستێوەردانی ولاتانی دەوروبەریش بگرێت.